# تورکیا و کوردستانی عیراق: گۆشە نیگایەک بۆ دوا ڕۆژ



سامی شۆرش

هەندێک جار بۆ دامەزراندنی سیماکانی دواڕۆژ، رەنگە، زۆر پێویستیمان بەوە نەبێت ئاوڕ لە لاپەڕەکانی مێژوو بدەینەوە. مێژوو، هەندێک جار، کۆت و بەند و تەگەرە دروست دەکات و سەرچاوەکانی بوغز، کینە و ناکۆکی دەوروژێنێت و ڕێگە لە گەشەکردنی پەیوەندییە خۆڕسکەکانی ناو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی دەگرێت. ئەم مەبدەئە، لە سیاسەتیشدا ڕاستە، بە تایبەتی کە باس دێتە سەر بەهێزکردنی پەیوەندییە ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوورییەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وەک مەعلوومە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە درێژایی مێژووی چەند سەد ساڵ لەمەوبەری، هەمیشە گۆڕەپانی شەڕ، ناکۆکی، ڕق و بەرنگاربوونەوە، ململانێی خوێناوی و هەوڵی یەکتر سڕینەوە بووە. شەڕ، هێرش و بەرژەوەندیی دەوڵەتان و ئیمپراتۆریەتە ناوچەیی و بێگانەکان، بگرە میللەتان و کولتووری ناوچەکەش، ڕۆڵیان لەو ناکۆکی، پشێوی و توندڕەوییەی ناوچەکەدا هەبووە.

بە هەرحاڵ، هەر هەوڵێک بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی مرۆییانەی تازە، گەشەدار و پڕ سوود لە نێوان میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدرێت، یان هەر خۆ خەریککردنێک بە دامەزراندنی دایەلۆگ و پردی پەیوەندی و لەیەکتر تێگەیشتن لە نێوان میللەتاندا بدرێت، وا چاکترە، زۆر سەیری قووڵایی مێژوو نەکرێت. ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت، ئاوڕ لە مێژووی هاوچەرخ و نزیک بدرێتەوە. لێرەشدا، وا چاکە، کەمتر بە چاوی ئایدیۆلۆژیا، تەسکبینی و گۆشەگیری ڕەفتار بکەین. لێرەشدا، دەبێت بە گیانی لێبوردەیی و وتاری ئیجابیانە لە گەشەکردنی ڕووداوەکان بڕوانین و زۆرتر تەرکیزمان لەسەر دامەزراندنی دواڕۆژێکی پڕ متمانە بێت.

بەهەرحاڵ، لەو باسەدا، کە مەبەستە سەرەکییەکەی گەڵاڵەکردنی گۆشەنیگایەکی گشتییە لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی کورد و تورکیا، سەرەتا، هەر بۆ بەرچاوروونی، هەوڵ دەدەم زۆر بە پەلە ئاوڕێکی کورت لە مێژووی هاوچەرخی، یان وردتری تازەی پەیوەندییەکانی کورد و تورک لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ٢٠٠٨ بدەمەوە. ئەم قۆناغە، هەتا ئێستا نەبۆتە مێژوو. ئەگەر بووبێش، ئەوا مێژوویەکی تازەو هاوچەرخە. ئینجا، لەوەش گرنگتر، ئەم قۆناغە بە سەرەتای دەستپێکردنە سیاسییەکەی پرۆسەی دامەزرانی پەیوەندییەکانی کوردو تورکیادەژمێردرێت. بۆیە، پێویستە ئاوڕێکی لێ بدەینەوە.

## تورکیا و کوردی عیراق: قۆناغی دوای شەڕی یەکەمی کەنداو

لەوەتەی سیستەمی دوو جەمسەری لە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو جیهاندا ڕووخاوە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی بە خۆیەوە دیوە. دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٩٢، یەک لە سیماکانی ئەو گۆڕانکاریانەیە. لەولاترەوە، گەشەکردنی دیموکراسی لە تورکیا و هاتنەسەرکاری حزبی عەالەت و گەشەپێدان، کە بە حزبێکی ناوەڕۆک و باکگراوند ئیسلامی ناسراوە، سیمایەکی دیکەی گۆڕانکارییەکەیە.

لێرەدا، دەبێت هێما بۆ ئەو ڕاستیە بکرێت، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو، بە دوو پرۆسە و قۆناغی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە:

یەکەم، ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەری، شەڕی کوێت و ئینجا ڕزگارکردنی کوێت هاتوونەتە گۆڕێ.

دووەم، ئەو گۆڕاکاریانەی لە دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە دژی واشنتۆن و نیۆیۆرک هاتونەتە گۆڕێ.

دیارە، تورکیا و کورستانی عیراق،

لە هەر دوو قۆناغەکەدا، لە پێشەنگی ئەو لایەن و هێزانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، کە زۆر زوو سوودیان لەو فەزا تازەیەی جیهان و ناوچەکە بینی:

لە تورکیا، سەرۆکی خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزال هەر زوو، لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی یەکەم، هەستی بە بایەخی گۆڕانکارییەکانی ناو سیستەمی سیاسەتی جیهانیدا کرد. هەروەها هەستیکرد کە تورکیا ڕەنگە دەوری پێشەنگ لە بڵاوکردنەوە و پاراستنی ئەو سیستەمە تازەیە لە ناوچەکەدا بگێڕێت. بۆیە، کاتێک کورد لە کوردستانی عیراق لە ئەنجامی هێرشەکانی سەرۆکی پێشوو سەددام حوسێن، دوای وەستانی شەڕی یەکەمی کەنداو، تووشی کۆچڕەوی گشتی هات، هەر زوو ئۆزال پێشنیاری ناوچەیەکی ئارامی بۆ کۆمەڵانی کۆچکردوو کرد، بەو مەرجەی ئەو ناوچەیە لەناو خاکی کوردستانی عیراقدا بێت. دواتر هەر ئەم بیرۆکەیەی ئۆزال بوو، کە لە لایەن فەرەنسا و بریتانیاوە قۆزترایەوە و ئینجا خۆی لە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشدا دۆزیەوە.

ئەم هەڵوێستەی ئۆزال، بە نیسبەتی کات و ساتی خۆی، زۆر تازە بوو لە سیاسەتی ئەنقەرەدا. تازەییەکەی بەوە دەست پێکرد کە ئەنقەرە لەو سەردەمەدا، وردتر لە ئاداری ساڵی ١٩٩١، بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخدا پێشوازی لە شاندێکی باڵای کورد کرد، کە بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەرەی کوردستانی، سەرکۆماری ئێستای عیراق مام جەلال تاڵەبانی بوو.

ڕاستە، یەک لە مەبەستەکانی ئەو پێشنیارەی ئۆزال ئەوە بوو، کە کۆمەڵانی خەڵکی کۆچکردووی کورد ڕوو لەناو تورکیا نەکەن، چونکە وڵاتەکە قودرەتی بەخۆوەگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەناهەندەیەی نەبوو. هەروەها ڕاستە، جۆرە ترسێک هەبوو لە ئەنقەرە لەوەی لە ڕێگەی ئەو پەناهەندانەوە چەک و چەکدارانی دژ بە تورکیا بخزێنە ناو خاکەکەی. هەروەها ڕاستە کارەساتەکەی کۆچڕەو لە ڕووی مەعنا مرۆییەکانیەوە زۆر گەورەو ترسناک بوو، لەو سەردەمەدا هەموو جیهانی هێنابووە هەژان. بۆیە تورکیا نەیدەتوانی خۆی لە بێ دەنگی بدات. بەڵام لەوانە ڕاستتر ئەوەیە کە پێشنیارەکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بیروباوەڕی ئۆزالەوە هەبوو، کە دەیزانی ئیتر جیهان گۆڕاوەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەو پێیەی پارچەیەکی کاریگەر و زەحمەتی کۆمەڵگای جیهانییە، ئەویش زوو یان درەنگ دەکەوێتە ناو پرۆسەی گۆڕان و کوردیش لەو گۆڕانکارییەدا پشکێکی بەر دەکەوێت. هەروەها ئۆزال لەو کاتەدا بیری لە دامەزراندنەوەی تورکیا دەکرد، لەسەر بنەمای عوسمانیزمێکی تازەوە. واتە کۆکردنەوەی میللەتانی موسوڵمان لەناو چوارچێوەی دۆستایەتییەکی سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیریی توندوتۆڵ لەگەڵ تورکیادا.

بۆیە، بە باوەڕی ئۆزال، هێمنکردنەوەی بارودۆخی کورد و خۆشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو میللەتە نەک هەر لە عیراقدا، بەڵکو لەناو تورکیاشدا، کارێکی پێویست و بەرژەوەندیدار بوو بۆ تورکیا و بۆ مەسەلەی ئەمن، ئاسایش، بوژانەوەی سیاسی، ئابووری و دیموکراسی لە ناوچەکەدا. لێرەدا، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ، لە بواری پەیوەندییەکانی کوردو تورکیا، خەریکە دادەمەزرێت، لە بەشێکی گرنگیدا سەرەتاکانی هەر لە کاتی ئۆزالەوە دەستیان پێ کردووە.

لە ڕاستیدا، ئۆزال نەیتوانی هەوڵەکانی خۆی لە بواری سیاسەتی کوردیدا هەتا سەر ببات، چونکە وەک دەزانین مەرگ مەودای نەدا. بەڵام، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە نەک هەر نەمانی ئەو سەرکردە مەزنە لە سەر شانۆی سیاسەتی تورکی، بەڵکو چەند هۆکارێکی دیکەش هەبوون بۆ ساردکردنەوەی پرۆسەی هاتنە کایەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کوردی تورکی:

یەکەم هۆ لەو بوارەدا، ئەوە بوو کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە خۆیدا، لە ڕووی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و ڕۆڵی دەوڵەت و قۆناغە مێژووییەکانیەوە، ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆز و سەختە. بۆیە، ئەو سیستەمە سیاسی، ڕۆشنبیری و ئابوورییە تازەیەی خەریک بوو لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا دادەمەزرا، ئاسەوارەکانی درەنگتر دەگەیشتنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەرەخۆتر دەکەوتنە جولە. بگرە زۆر زەحمەتیش قبوڵ

دەکران. نەک هەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆربەیان نموونەی دیکتاتۆری و تاکڕەوێتی بوون، تەنانەت زەینییەتی گشتیی کۆمەڵگاکانی ناوچەکەش بە زەحمەت قبووڵی دەکردن.

لەو ماوەیەدا، لە ناوچەکەدا، چەندین هێزی دژ بە پڕۆسەی تازەگەرێتی و دیموکراسی و ریفۆرم دروست بوون. بێجگە لەم هێزە دژانە، چەندین دەوڵەت، سیستەمی سیاسی، حزب و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو گۆڕانە گەورەیەی جیهانەوە. بۆیە، سارد و سڕیەکی بەرچاو هەموو ئەو مەیدانانەی گرتەوە، کە دەبوایە گۆڕانیان تێبکەوێت. دامەزراندنی پەیوەندییەکی تازە و گەرموگوڕ لە نێوان تورکیا و کورد لە عیراق و لە ناوخۆدا، یەک لەو مەیدانانە بوو کە نەک هەر بەشی زۆری تورکیا بگرە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش قبووڵیان نەدەکرد.

دووەم، لەناو تورکیا خۆیشیدا، بەهۆی هێزو توانا گەورەکەی حزبە نەتەوەییەکان و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، کەمتر گۆڕانکاری قبووڵ دەکرا، بە تایبەتی لە دوو مەسەلەی زۆر گرنگ و چارەنووسسازدا: یەکەم، مەسەلەی کورد و قبووڵکردنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی چ کوردی ناوخۆ و چ کوردی عیراق و ئێران و سوریا. دووەم، مەسەلەی عیلمانییەتی دەوڵەت و دەستوور و کۆمەڵگە. کێشەی تورکیا لە ماوەی پەنجا شەست ساڵی رابردوودا ئەوە بووە، کە لە هەموو بوارێکدا ئامادە بوو قبووڵی گۆڕانکاری بکات، تەنیا لەو دوو بوارە گرنگەدا نەبێت: کورد و عیلمانییەت.

سێیەم، هێز و دەسەڵاتی پێگەی دەزگای سوپا لەناو دەوڵەتی تورکیا و بڕیارە سیاسییەکانیدا. راستە، تورکیا دەوڵەتێکە لە لایەن حزبە مەدنییەکانەوە بەڕێوە دەبرا. بەڵام تا ئەم زووانەش سوپا لەم وڵاتەدا باڵادەست بووە و سروشتە عیلمانییەکەی دەوڵەتی پاراستووە و فایلی کوردی بە دەستەوە بووە. جا، لەبەر ئەوەی سوپا هەمیشە پێی وا بووە تەنیا بە رێگەی سەربازی کێشەکان چارەسەر دەکرێن، بۆیە بایەخ بەوە نەدراوە ئاوڕ لە ناوەرۆکە سیاسییەکەی مەسەلەی کورد بدرێتەوە. دوور نییە، یەک لە هۆکارەکانی رووکردنە چەک لە لایەن بەشێک لە خەڵکی کوردەوە لە تورکیا، بگەڕێتەوە ئەستۆی ئەو عەسکەرتارییایەی تا پێش ماوەیەکی کەم بە دەوڵەتی تورکیاوە دیار بوو.

چوارەم، لەو نێوانەدا، هەندێک رێچکە و رێکخراوی کوردیش رۆڵی خراپیان لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکاندا هەبوو. (پ ک ک) یەک لەو رێکخراوانە بوو، بەتایبەتی لەو سەردەمەی کە سوریا و ئێران پشتگیرییان لێدەکرد. چارەسەرکردنی ورد و سیاسییانەی کێشەی کورد لەناو تورکیا، زەمینە لەبەردەم تەسکبوونەوەی ئاسۆی رووکردنە چەک لەناو کوردی تورکیادا خۆش دەکات.

پێنجەم، کوردی کوردستانی عیراقیش لە باری خۆیەوە، بەشێک لەو مەسئولییەتەی لەسەر شانە. کوردیش، لەو ساڵانەدا، هێشتا خاوەن ئەزموونێکی تەواوی بەڕێوەبردنی ئیدارەی سەربەخۆی نەبوو. هێشتا عەقڵی پێشمەرگە بەسەر بیری سیاسی و دیپلۆماسییەکەیدا زاڵ بوو. بۆیە، ئەویش وەکو پێویست نەیدەتوانی ئاو بەو ئاگرانەدا بکات، کە لە پانتایی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە دروست دەبوون.

شەشەم، ئەمریکا کە هاوپەیمانی هاوبەشی تورک و کوردە، بێگومان هی تورک ستراتیژیترە. لەو ماوەیەدا هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی نەبووە تەرکیز بکاتە سەر چارەسەرکردنی گرێکانی پەیوەندیی کورد و تورکیاوە. وەک دەزانین، بەر لە شەڕی ئازادکردنی عیراق، واشنتۆن بەرامبەر بە عیراق و ئێران خاوەنی سیاسەتی (ئیحتوای دوو لایەنە) بوو. لە کاتی سەرۆکی پێشوو جۆرج دەبلیو بوش، سەرقاڵییەکی زۆری بۆ دروست بوو بە بۆنەی شەڕی رووخاندنی سەددام حوسێن لە لایەک و شەڕی تیرۆر لە ناو عیراقی تازەدا لە لایەکی دیکەوە. بۆیە، مەسەلەکەی زۆرتر بۆ کورد و تورک خۆیان بەجێ هێشتبوو.

بەهەرحاڵ، بۆ ماوەی چەند ساڵێکی درێژ، پەیوەندییەکان لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا تووشی گرژی هاتن، بە تایبەتی بەر لە رووخانی رژێمی پێشووی عیراق تا ساڵی پار. حکومەتەکانی تورکیا ئامادە نەبوون بە چاوی واقیعبینانەوە سەیری کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناو کوردستان بکەن. کوردیش لە باری

خۆیەوە چەند ساڵێک بوو خەریکی شەڕی ناوخۆ هاتبوو، هەر ئەوەندە پێویستیی بە دەوڵەتانی دەوروپشت هەبوو، کە لە بواری ئەو شەڕەدا چەند بە کەڵکی دێن. بۆیە گرژییەکە درێژەی کێشا.

ماوەیەکی گرنگی ئەو قۆناغە، واتە پاش ١٩٩٠ و پێش ٢٠٠٨ قۆناغی شەڕی ئازادکردنی عیراقە. لەو ماوەیەدا، وردتر ساڵی ٢٠٠٢، حزبی عەدالەت و تەنمیە هاتە سەر حوکم. هێشتا دیار بوو، بەر چاوروونییەکی ئەوتۆی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە، بە تایبەتی لە کوردستانی عیراقدا نەبوو. پێ دەچێت، لە تورکیا، لەو ماوەیەدا، بە هۆی فشارەکانی دەزگای سوپا و تازەیی حزبی عەدالەت و تەنمیە لە سەر حوکم، جۆرە ترسێک لە کورد، بە تایبەتی لە کوردی عیراق دروست ببوو. ترسی ئەوە هەبوو لە ئەنجامی رووخانی رژێمی سەددام حوسێن، ئەمریکا یاریدەی کورد بدات لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عیراقدا. هەروەها ئەنقەرە ترسی ئەوەشی هەبوو، رووخانی سەددام ببێتە هۆی کەوتنەوەی پشێویەکی گەورە لە تەواوی ناوچەکەدا. لە ئەنجامی ئەو پشێویەش (پێ کە کە) کەڵکێکی زۆر وەربگرێت و هێزێکی تازە پەیدا بکات. لە ئەنجامی ئەو دوو هۆیانەوە، پەرلەمانی تورکیا بڕیاری بەشداری نەکردنی لە شەڕی ئازادکردنی عیراق دا.

لەو بەرامبەرەدا، کوردیش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەبوو. کوردیش کەوتبووە ناو پڕۆسەی دامەزراندنی جۆرە هاوپەیمانیەتییەک لەگەڵ ئەمریکادا. لەوەش بەولاتر، هیوای بە دامەزرانی عیراقێکی دیموکراسی و تازە، زۆر زیادی کرد بوو. بۆیە وای لێکدەدایەوە کە ئیتر پێویستییەکی زۆری بە تورکیا نەماوە. خۆ ئەگەر پێویستیشی پێی مابێت، ئەوا ئەمریکای (هاوپەیمان) زامنی ئەوەیە ئەنقەرە قەناعەت پێ بکات، گوێ لە کورد بگرێت. بۆیە، گەرمتر بەرەو بەشداریکردنی شەڕی ئازادکردنی عیراق چوو، لە تەک سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانانادا. لێرەدا، قابیلی شاردنەوە نییە، کە هەڵوێستی خۆ دوورە پەرێزگرتنی ئەنقەرە لە شەڕی عیراق بە قازانجێکی زۆر بۆ کورد شکایەوە. قازانجەکەی ئەوە بوو، کە دەرفەت دروست بوو بۆ ئەوەی لە بواری سیاسی و سەربازیشدا هاوپەیمانێتییەک لە گەڵ ئەمریکادا دروست بکات.

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی ئەو دوو جۆرە هەڵوێستە لە تورکیا و لە کوردستاندا پەیوەندییەکانی دوو قۆڵە، لەو نێوانەدا تووشی جۆرە گرژییەکی زۆرتر هات. بەڵام، لە هەمانکاتدا، هیوایەک هەبوو چ لە ئەنقەرە و چ لە هەولێرەوە کە هەر دوو لا بە جیددیتر بیر لە تازەکردنەوەی پەیوەندییەکان بکەنەوە. لەو نێوانەدا، حزبی عەدالەت و تەنمیە سەرچاوەیەکی گەورەی ئەو هیوایە بوو بە تایبەتی دوای ئەوەی کە رایگەیاند، ئیتر لە هەموو بوارەکاندا خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چاکسازی دەبێت. هەولێر وای لێکدەدایەوە کە ئەم بەرنامە چاکسازییە، مەسەلەی کورد و مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی عیراقیش دەگرێتەوە. دیارە، ئەنجامەکە هەر وا دەرچوو. ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەو راستیەی کە دەڵێت: سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، قازانجێکی زۆری بۆ مەسەلەی کورد تێدایە.

**تورکیاوکوردیعیراق:گۆشەنیگایەک بۆ دوا رۆژ**

بۆ ئەوەی بە گۆشەنیگایەکی روونەوە سەیری دوارۆژی پەیوەندییەکان بکەین، پێویستە سەرەتا بایەخی هەر دوو لا، تورکیا و کوردستانی عیراق، بۆ یەکتری بزانین.

تورکیا بۆ کوردی عیراق دەوڵەتێکی جومگەیی و گرنگە. لە لایەک بەشێکی گرنگی کورد لەناو چوارچێوەکەی دا دەژییێت و هاووڵاتی ئەو دەوڵەتەن. لە لایەکی دیکەشەوە، پتر لە ٣٥٠ کیلۆمەتر سنوور لە نێوان هەر دوو لا هەیە، کە یەک لە شارێگەکانی بازرگانی پێدا تێدەپەڕێت و لە رووی سەرزەمینییەوە، کوردستان بە جیهان دەبەستێتەوە. لە لای سێیەمەوە، سەرژمێری دانیشتوانی تورکیا پتر لە ٧٠ ملیۆن کەسە. پانتاییەکی جوگرافی گەلێک گرنگی هەیە لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە بواری ئەوەی کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئاسیا و ئەوروپا، بە یەکدی دەبەستێتەوە. بێگومان ئەگەر ئەنقەرە سەرکەوتوو بێت لەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، ئەوا ئەو بە یەکدی بەستنەوەیە، سەرباری مەنا جوگرافییەکەی، مانای سیاسی، ئابووری،

بازرگانی و رۆشنبیریشی لێدەکەوێتەوە. ئیتر سنووری ئەوروپای بازرگانی، ئابووری و مافی مرۆڤ دەگاتە کوردستانی عیراق.

لە لایەکی دیکەوە، تورکیا کە ئەندامێکی کاریگەرە لە پەیمانی ناتۆدا، دۆستایەتی و پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ ئەوروپادا هەیە. لە بواری ئابووریدا، تورکیا نەک هەر بۆ ئەوروپا گرنگە، بەڵکو وا چاوەڕوان دەکرێت لە ژیانی ئابووری و بازرگانیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی و عەرەبیشدا، رۆڵێکی بەرچاو و گرنگ بگێڕێت.

بێجگە لەمانە، تورکیا یەک لە هاوپەیمانە بایەخدارەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. هەندێک ناوەندی سیاسی وایان چاوەڕوان دەکرد، بایەخی تورکیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی کۆمۆنیستی، ئیتر بچووک بێتەوە. بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی بیست ساڵ بەسەر رووخانی سۆڤیەت، ئێستا دەردەکەوێت بایەخی ئەو وڵاتە لە رووی ستراتیژیی نێودەوڵەتییەوە نەک هەر کەم نەبۆتەوە، بەڵکو زۆر زیادیشی کردووە، بە تایبەتی بە هۆی ئەو شەڕە بەرفراوانەی کە لە جیهان لە دژ تیرۆر بەرپایە.

لەوانە بەولاتر، بایەخی تورکیا بۆ کورد لەوەش دایە، کە نموونەیەکی بەرچاوی ئاشتەواییە لە نێوان ئیسلام و دیموکراسیدا. وەک دەزانین دەوڵەتی تورکیا سروشتێکی عیلمانی هەیە. ئەگەرچی لە ساڵانی رابردوودا پەیوەندییەکی ناخۆش لەنێوان دین و دەوڵەت لەو وڵاتەدا هەبووە، بەڵام ئەوا چەند ساڵێکە گونجانێکی بەرچاو لە نێوان دیموکراسی و دیندا دروست بووە، کە بۆ ناوچەکە و بۆ جیهانی موسوڵمان و بۆ تەواوی جیهانی دیموکراسی زۆر گرنگە. کورد لە باری خۆیەوە میللەتێکی موسوڵمانە، بەڵام لە هەمانکاتدا میللەتێکە خەریکی دامەزراندنی عیلمانییەت و دیموکراسییە. بۆیە، دراوسێتیی دەوڵەتێکی وەکو تورکیای ئەمڕۆ، قازانجی زۆری بۆ کوردستانی عیراق هەیە.

لەو بەرامبەرەدا، کوردیش بۆ تورکیا میللەتێکی گرنگە. لەناو عیراقدا سەرژمێری کورد، خۆی لە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس دەدات. لە بواری نەوت و ئاوەوە، وڵاتێکی دەوڵەمەندە. ناوچە شاخاوییەکانی لە رووی تۆپۆگرافییەوە بە بەرزترین خاڵی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت. بێجگە لەم خەسڵەتە گرنگانە، کوردستان هەمیشە رۆڵێکی گرنگ و چارەنووسسازی هەبووە لە عیراقدا، جا چ بە هاوتەبایی لەگەڵ حکومەتەکانی عیراق، یان ئەگەر شەڕ و راپەڕین و شۆڕشی چەکداری لە ئارادا بوو بێت. ئینجا، لە رووی نەتەوەییشەوە، کورد میللەتێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. وەک مەعلوومە، لە دوای عەرەب، تورک و ئێرانی، چوارەم نەتەوەی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لەوەش بەولاتر، کورد، چ بە راستەوخۆ و چ بە ناڕاستەوخۆ، هەمیشە کار لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی رووداوە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی چوار دەوڵەتی گرنگی ناوچەکە، ئێران، تورکیا، عیراق و سوریادا دەکات.

ئەگەر ئەنقەرە لە مەسەلەی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی عیراق بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا بێگومان دۆستایەتی نزیکەی سی و پێنج ملیۆن کورد لە ناوچەکەدا بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. لێرەدا دەبێت ئەوە رەچاو بکەین کە کوردی عیراق بە هۆی تایبەتمەندییە سیاسییەکانیانەوە، رۆڵی سەرەکیان هەیە لەناو بڕیاری نەتەوەیی کورددا.

بێجگە لەمانە، کوردستانی عیراق بۆ بەیەکگەیاندنی تورکیا، عیراق و دەوڵەتانی کەنداو، وەک پردێکی زەمینی وایە. خۆیشی لەناو خۆیدا، بازاڕێکی گەورەیە بۆ سەرمایەگوزاری تورکی. وەک ئامارەکان دەریدەخەن، پتر لە چوارسەد کۆمپانیای تورکی لە کوردستانی عیراقدا کار دەکەن. ئەگەر پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان بەرەو پێشەوە بچن، ئەوا بێگومان رۆڵی تورکیا لە بواری بەرهەمهێنان و پیشەسازیی نەوت لە کوردستاندا، زۆر زیاتر دەبێت. تورکیا دەرفەتێکی زۆر گەورەی لەبەردەمە بۆ بەشداریکردنێکی ستراتیژی لە کەڵک وەرگرتن لە پیشەسازیی نەوت، ئابووری و بازرگانی لە کوردستاندا.

لایەنێکی دیکەی بایەخ لەوەدایە، کە زۆر زەحمەتە تورکیا بتوانێت بەردەوامی بە رۆڵی ناوبژیوانی و ئاشتەوایی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدات، ئەگەر کێشەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر بە تایبەتی لە گەڵ کوردستانی عیراقدا چارەسەر نەکات. ئەمڕۆ لە تورکیادا، پرۆسەیەکی

گەورە بۆ نەهێشتنی تەنگوچەلەمە لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و دەوروبەردا لە ئارادایە. ئەنقەرە لە ژێر حوکمڕانیی عەدالەت و تەنمیە دەیەوێت جیهانی عوسمانیزمێکی تازە دابمەزرێنێت. ئەم پڕۆسەیە رەنگە زەحمەت بەڕێوە بچێت، ئەگەر تەبایی لەگەڵ کوردستانی عیراق دانەمەزرێت.

لەولاوە، تورکیا کێشەی ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپایشی هەیە. تەبایی لەگەڵ کوردستانی عیراق و کوردی ناوەخۆ، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەوەی ئەنقەرە هەنگاوی جیددی دەهاوێژێت بۆ پێشەوە لە بواری راستکردنەوەی فایلی مافی مرۆڤی، هەروەها فایلی پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە و دەوروپشتەوە. ئەمانە هەموو بایەخی هاوبەشن لەنێوان تورکیا و کوردستانی عیراقدا. هەر ئەو بایەخانەش دەبنە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش و لە یەکترگەیشتنێکی هاوبەش و پتەوترکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانەوە.

لێرەدا، حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان کوردستانی عیراق و تورکیا هەر ئەوەندە نییە، کە بە یەکەوە کاری هاوبەش بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوور و بوارەکانی دیکەی ئاسایش بکەن. ئەگەر لەو چاویلکەیەوە تەماشای پەیوەندییەکان یان دوارۆژی پەیوەندییەکان بکەین، ئەوا بەرژەوەندییەکانی هەر دوو لا زۆر بچووک دەبنەوە و هەمیشە قابیلی هەڵوەشانەوە و ساردبوونەوە دەبن. پێویستە، ئەو بەرژەوەندییانە لە سەر بنەمای زۆر گەورەتر و بایەخدارتر دابمەزرێن: لەسەر بنەمای ئابووری و بازرگانی، لە سەر بنەمای هاوبەشێتی لە بینای دیموکراسی. لە سەر بنەمای شەڕی تیرۆر لە تەواوی جیهاندا. لە سەر بنەمای رێزگرتن لە خواستی یەکتری. لە سەر بنەمای هاوکاری بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

بەهەرحاڵ، پێم وایە، هەر دوو لا، ئەنقەرەو هەولێر، ئێستا، لەوە گەیشتوون، کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە هەلومەرجی سەختی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خزمەت بە بەرژەوەندی هەر دوو لایان دەکات. راستە، هێشتا زەحمەتی و تەگەرە چ لە تورکیا و چ لە کوردستاندا زۆرن. بەڵام پێ دەچێت ئەو تەگەرانە روو لە نەمان بن. بۆ نموونە، لە کوردستانی عیراق زۆرتر ئامادەگی نەفسی و سیاسی دێتە پێشەوە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەنقەرەدا. لە تورکیاش هەتا دێ بەرنامەی چاکسازی لە بواری دەستوور، یاسا، سیاسەت و ئابووری بەرەو پێشەوە دەچێت و جۆرە تەفاهومێکیش لەنێوان دەزگای سیاسی و سەربازی بەرامبەر بە مەسەلەکان بە مەسەلەی کوردیشەوە دروست دەبێت. بە گشتی، پێموایە ئاسۆی دوارۆژ رووناکە. لەو نێوانەدا گەشەکردنی پێوەندییەکی ئاشتییانە و دۆستانە لەنێوان کورد و تورکیادا، خزمەت بە هەردوو لایان دەکات. تورکیا دەتوانێ باشتر رۆڵی دیموکراتیانەی خۆی لە ناوچەکەدا بگێرێ. کوردیش ئاسانتر لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی و ئیستیقرارپێکردنی ناوچەکە دەگونجێت. بەڵام، بۆ ئەوەی ئاسۆکە رووناکتر بێت، رەنگە چەند شتێک پێویست بێت، کە زۆربەیان ئەرکی نووسەر، رۆژنامەنووس، ئەکادیمی و رۆشنبیرانن:

یەکەم، پێویستە قەناعەتێکی خودی (زاتی) بە تایبەتی لەناو خەڵکیدا بەوەی کە خۆشبوونی پەیوەندی لە نێوان کورد و تورکیا کارێکە باش و بە سوودە بۆ تورکیاو بۆ کوردستان. ساڵانی رابردوو، دەریایەک بەدگومانی لە نێوان هەر دوو میللەتەکەماندا دروست بووە. لابردنی ئەو بەدگومانییە و چاندنی باوەڕ، متمانە و خۆشەویستی لەو نێوانەدا، کاری سیاسییەکان نییە، بەڵکو زۆرتر کاری بواری میدیا و رۆشنبیرییە.

دووەم، داواکردن لە حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئیتر واز لە نوێنەرایەتی حزبی و ئیستیخباراتی و ئەمنی بهێنن. لە جیاتی ئەو جۆرە نوێنەرایەتییە، نوێنەرایەتییەکی دیپلۆماسی لە هەولێر و ئەنقەرە دابمەزرێنن. راستە، کوردستان دەوڵەت نییە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیش هەر بۆ دەوڵەتانە. بەڵام لە عیراقدا، دەستووری هەمیشەیی رێگە دەدات کارێکی لەو بابەتە بکرێت. لە چەند دەوڵەتێکی گرنگی جیهان حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی خۆی هەیە. هەروەها تورکیاش لە چەندین شوێن کونسولگەریی خۆی هەیە. کەواتە بۆ لەنێوان هەولێر و ئەنقەرە هەمان شت نەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هەنگاوە قازانجی گەورەی بۆ دەوڵەتی عیراقیش هەبێت.

سێیەم، هەر پابەند بەو مەسەلەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان زیندووتر بن،

پێویستە ئەنقەرە بە چاوی واقعییەتەوە سەیری باری سیاسیی کوردستانی عیراق بکات و هەر بەو واقعییەتەشەوە دانپێدانانێکی ئاشکرا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک بەشێکی تایبەتمەند لەناو دەوڵەتی عیراقی فیدرالدا بکات. ئەم جۆرە دانپێدانانە، زەمینەیەکی لەبار بۆ پێشکەوتنی پەیوەندییەکان دێنێتە پێشەوە. بگرە دەبێتە مایەی بەرفراوانبوونی نفووز و پێگەی سیاسیی تورکیا لەناو تەواوی میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

چوارەم، پێویستە هەر دوو لا لەو راستییە بگەین، کە کورد و تورک دوو میللەتی رەسەنی ناوچەکەن و جوگرافیا بە دراوسێ خولقاندوونی. ئەم دراوسێتییە ئەرک و رێزو حورمەتی تایبەتی خۆی هەیە. بگرە، ئەو دراوسێتیە توانای ئەوەی هەیە قودرەتێکی هاوبەش بداتە هەر دوو میللەت بۆ ئەوەی بە یەکەوە، لە یەک سەنگەرەوە نەک تەنیا لە دژی تیرۆر بجەنگن، بەڵکو لە تەک ئەو جەنگە، بە یەکەوە هاوبەشیش بن لە دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە بوارێکی دیکەی پەیوەندیدارردا، زۆر جار بە هەڵە وا لێکدەدرێتەوە، کە خۆشبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەنقەرە و هەولێر رەنگە لەسەر حیسابی عیراق بێت. پێموایە، ئەم لێکدانەوەیە چەوتە. کورد و تورک بەر لەوەی دەوڵەتی عیراق مەوجودییەتی هەبێت، دراوسێن. کورد یەک لە میللەتە زیندووەکانی ناو قەوارەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. راستە، دواتر زۆر کێشە، شەڕ و ناکۆکی کەوتە نێوان کورد و سوپای عوسمانی و سوپای تورکیای کۆماریدا. بەڵام ئەو کێشە و شەڕانە، هیچ راستییەکیان لە جوگرافیا و دراوسێتی نەگۆڕی.

ئینجا دەوڵەتی عیراق، هەتا ساڵی ٢٠٠٣ لە سەر موعادەلەیەکی ناجۆر یاری دەکرد. لە لایەک، هانی تورکیا و ئێرانی دەدا لە دژی کوردی عیراق هاوکاری بکەن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەوڵی دەدا کێشەی زیاتر لە بواری کوردیدا بۆ حکومەتی تورکیا و ئێران دروست بکات. ئێستا، پاش ٢٠٠٣، دیارە هەتا رادەیەکی زۆر بەغدا خۆی لەو معادەلەیە رزگار کردووە. ئەمڕۆ سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی لە عیراق لە ئارادایە. ئەم سیستەمە، دەبێت پێی چاک بێت ئیتر کورد و دەوڵەتانی دەوروپشت لە جیاتی رق، کینە و شەڕ، هاوبەشی و ئاشتەوایی و هاوکاریان لە نێواندا هەبێت. لە ئەنجامیشدا ئەو هاوکارییە خزمەت بە هەموو لایەنەکان، کورد، عیراق، میللەتان و دەوڵەتانی دەوروپشت بکات.

بێجگە لەمەش، راستییەکی دیکە هەیە پێویستە ئاوڕی لێ بدەینەوە. دەوڵەتی عیراق لە رێگەی کوردستانەوە دراوسێتی و سنووری هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا هەیە. واتە ئەگەر کورد لەو نێوانەدا یارمەتیدەر نەبن بۆ یەک گەیاندنەوەی ئەو دوو دەوڵەتە، رەنگە زۆر زەحمەت بێت لە رووی سەرزەمینییەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان عیراق و تورکیادا هەبێت. بگرە دوو دەوڵەتی دراوسێش نەبن. بۆیە، دەوڵەتی عیراق، ئەگەر بیەوێت بەرژەوەندی دراوسێتی و پانتایی خۆی بەسەر تورکیادا بکاتەوە، ئەوا دەبێت رێز لە هاوکارییە ئابووری، بازرگانی و سیاسییەکانی کوردستانی عیراق و تورکیا بگرێت. یەک لە مەبەستەکانی ئەو هاوکارییە، بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەنقەرە و بەغدایە.

بە گشتی، پێموایە عیراقی تازە، دەبێت پێی خۆش بێت پەیوەندییەکانی کورد و تورکیا بەرەو خۆشی بڕۆن. ئەم جۆرە پێوەندییە، کێشەی فایلی ئەمن و ئاسایش لەنێوان عێراق و تورکیادا چارەسەر دەکات. دەرگایەکی گەورەش بەسەر چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکان لەنێوان عیراق و تورکیادا دەخاتە سەر پشت. هەروەها کوردیش دەکاتە پردی پەیوەندی و بەیەکدی گەیاندنەوە لەنێوان بەغدا و ئەنقەرە، لە جیاتی ئەوەی دیوار و هۆی پشێوی بن لەو نێوانەدا.

هەر پابەند بەم مەسەلەیەوە، وای دەبینم، سبەی رۆژێ، پانتایی نێوان عیراق و کوردستانی عیراق و تورکیا ببێتە یەک لە ناوچە هەرە ئەکتیڤەکانی بازرگانی و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ببێتە نموونەی هاوکاری و بوژانەوەی هاوبەش و تاوسەندنی تەوژمی دیموکراسی لە ناوچەکەدا.